# تیرۆریزمی مادە بێهۆشکەرەکان

هۆشیار ئەحمەدی

بە داخەوە کاتێك باس لە تیرۆرو تیرۆریزم دەکرێ، یەکسەر سەرنجمان رادەکێشرێ بۆ لای بابەتی تیرۆری فیزیکی، تەقینەوە، بارمتە گرتن و کردەوەی خۆکوژی. بە رای ئێوە ئەمە چی دەگەیەنێ؟ ئایا بە راستی لە سەر بابەتی بێسنووری تیرۆریزم تا ئەو رادەیە بێئاگاین؟ ئایا کەمتەرخەمیمان نیشان داوە؟ یان لە بنەڕەتدا جۆرەکانی دیکەی تیرۆر لە کوردستان دا وەکوو میکانیزم پەیڕەو نەکراون؟ ئایا نابێ لێیان ئاگادار بین و هەر لە ئێستاوە ئانتیتیرۆرەکانیان دابڕێژین؟ ئەو ئەرکە لە سەر شانی چ لایەنگەلێکە؟

وڵامدانەوە بەو پرسیارانە ئەگەرچی کارێکی سووك و ئاسان نیەو دەبێ لە سەر ئەساسی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و قووڵ و زانستی بێ، بەڵام لەو نووسراوەیە دا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی رێژەیی هەم وڵامی پرسیارەکان بدەینەوە و هەم توێژینەوەیەکی فرەڕەهەندمان لە سەر ئەو بابەتە هەبێ. بۆ تێگەیشتن لە بابەتی تیرۆریزمی مادە بێهۆشکەرەکان پێویستە سووکە ئاوڕێك لە خودی تیرۆریزم بدەینەوە. ئەگەر بمانەوێ لەو بابەتە گرینگ و قەیران خوڵقێنە بە باشی تێبگەین، دەبێ لە روانگەیەکی ئاواڵاوە سەیری بکەین و هەڵیسەنگێنین، واتە بە پێی سەرچاوە کۆنەکان وەکوو مێژووی پاشاکان، ئیمپڕاتۆری و دەزگا بەهێز و لاوازەکانی دەسەڵاتداریەتی، لە کۆمۆنی سەرەتاییەوە تاکوو ئێستا توندوتیژی لە نێوان مرۆڤەکان دا هەبووە، ئەوە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ مرۆڤ وەکوو هەموو بوونەوەرەکانی دیکە زاتێکی بەرژەوەندیخوازی هەیەو بۆ دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەردەوام لە هەوڵ و تەقەلا دا بووە، واتە بوونی بەرژەوەندی جیاواز و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان و بەرژەوەندیخوازان توندوتیژی لێ کەوتوەتەوە، ئەو توندوتیژییە قۆناغگەلی جیاوازی تێپەڕاندوە، تا گەیشتۆتە سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەڕانسە و لەوێدا بۆ یەکەم جار وشەی تیرۆریزم بە مانای ترساندن یان ژاکوبینیسم بە مانای دەسەڵاتی ترس و خۆف هاتە ئاراوە. ئەو میکانیزمە دواتر زۆربەی وڵاتانی ئورووپای گرتەوەو بە شێوەیەکی سیستماتیك ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی تەنیەوە. زۆری نەخایاند دەسەڵاتەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی دیکتاتۆڕەکانەوە و تیرۆریزم بوو بە سیستەمی رەوای دەسەڵات و بۆ ژێردەستە کردن و کۆنترۆڵی



هەرچی زیاتری دەسەڵات، پەنایان بۆ رەهەندە جیاوازەکانی تیرۆر برد. لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی تیرۆریش دەتوانین ئاماژە بە تیرۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئەفسانەیی، ئابووری، مادە بێهۆشکەرەکان و... بکەین. تەوەری باسەکەی ئێمە تیرۆریزمی مادە بێهۆشکەرەکانە.

ئەگەر سەرنج بدەینە مادە بێهۆشکەرەکان، شێوەی بەرهەمهاتنیان، چۆنیەتی بازرگانی پێکردنیان و کاریگەریەکانیان لە سەر کۆمەڵگا، بەو ئاکامە دەگەین کە دەبێ لە هەمبەر ئەو قەیرانە تۆقێنەرە هەست بە مەترسییەکی جیدی بکەین و بە خێرایی هەوڵ بدەین بۆ دۆزینەوەی ئەنتییەکانی. مێژووی بوون و بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان بۆ رابردوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە، رابردوویەك بە قەد تەمەنی مرۆڤایەتی، بەڵام پاش بەکارهێنانی وەکوو کەرەستەیەکی تیرۆر لە لایەن کۆلۆنیالیزمەوەلە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتیان دا وەکوو هیندوستان، چین، ئەفغانستان، وڵاتانی ئیسلامی و بە گشتی وڵاتانی کۆلۆنیال لێدراو، بوو بە دێوەزمەیەکی سامناك و رەگ و بنەچەی ئەو وڵاتانەی بۆ ماوەیەکی درێژ خستە ژێر کاریگەری خۆی، بە جۆرێك




کە ئێستاش پاش تێپەڕ بوونی ساڵەها ئاسەوارەکانی دەبیندرێ. تا ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم ولاتی چین ٦ میلیۆن موعتادی هەبوو، هیندوستانیش دەست کەمێکی لە چین نەبوو، ئەفغانستانیش کە گەورەترین بەرهەمهێنەری ئەو جۆرە مەوادەیە. پێویست ناکا زۆر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆنی چاندن و بەکارهێنانی ئەو مادانە، چونکە لە وتارێکی وەها کورت دا ناگونجێ. بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە یەکێك لە چەکە بەهێزەکانی دەستی تێرۆریزم بووە پاش شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم. ئەوە بەو مانایە نیە کە لە نێوان ئەو شەڕانە یا پێشتر لە لایەن گرووپ و لایەنەکانەوە بەکار نەهێنراوە، بەڵکوو مەبەستی ئێمە پەرەسەندنی وەك فاکتەرێکی بەهێزی تێرۆریزمی دەوڵەتی یە. لە نێوان شەڕە جیهانی‌یەکان دا لە لایەن هێندێك گرووپ و لایەنی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی‌یەوە وەك سەرچاوەیەکی دارایی کەڵکی لێوەردەگیرا و لە لایەن هێندێك گرووپ و لایەنیشەوە جیا لە سەرچاوەی دارایی وەك کەرەستەیەك بۆ لە ناوبردن و ناکارا کردنی نەیار و رەقیبەکان بە کار دەهێنرا. ئەوەی کە بۆ ئەم باسە گرینگە وڵامی ئەم چەند پرسیارەیە: مادە بێهۆشکەرەکان چین؟ وڵاتانی بەرهەمهێنەری ئەو مادانە کامانەن؟ رێگای ترانزیتیان لە کوێوەیە؟ کوردستان چ پێگەیەکی هەیە سەبارەت بەو مادانە؟ مەبەست لە هاتنی بەرەو کوردستان چیە؟ جۆرەکانی ئەو مادانە چین؟ کاریگەرییان لە سەر مرۆڤەکان چۆنە؟

لە نووسینی ئەم بابەتە دا بەردەوام هەوڵم ئەوە بووە کە سنوورە نادیارەکان دیاری بکرێن، واتە سنووری بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی. مادە بێهۆشکەرەکانیش وەك چەکێکی بەهێزی تێرۆر بەرژەوەندی نەتەوەییان خستۆتە مەترسی‌یەوە. کە وابوو پێش ئەوەی وەك دێوەزمەیەك کۆمەڵگاکەمان بخاتە ژێر رکێف، دەبێ راچڵەکین و لەو خەونە گرانە راپەڕین. پێویستە بزانین پاش کۆتایی دوو شەڕی جیهانی و پێکهاتنی هاوسەنگی ترسان(توازن وحشت) و دابەشبوونی جیهان بە دوو جەمسەری بلۆکی سۆسیالیزم بە بە سەرکردایەتی یەکیەتیی سۆڤیەت و بلۆکی کاپیتالیزم بە سەرکردایەتی ولاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا، تێرۆر وەکوو میکانیزمێك بە خێرایی‌یەکی سەرسوڕهێنەر و بە هێزێکی چاوەڕواننەکراوەوە پەرەی ستاند، واتە دەکرێ بڵێین جێگای شەڕە نێودەوڵتی‌یەکانی گرتەوە. یەکێك لەو تەوەرە پڕمەترسی و تۆقێنەرانەی کە دەکرێ بە شێرپەنجەی کۆمەڵگاکانی ناو بەرین، تێرۆریزمی مادە بێهۆشکەرەکانە. بۆ ناساندنی باشتری مادە بێهۆشکەرەکان هەوڵ دەدەین وێنەیەك لە گێژەدیەکی ئەو مادانەتان بۆ بکێشینەوە. مادە بێهۆشکەرەکان ئەو مادە سێحراویانەن کە مرۆڤێك بەرهەم دێنن بە سەرو پرچێکی ئاڵۆزاو، ترسناك و دووکەڵاوی و چڵکن، دەموچاو و ریشێکی لیکاوی و قێزەوەن و هەزار رەنگ و لکاو، دەم و ددانێکی زەرد و ژەنگاوی، دەنگ و نەفەسێکی نەخۆش و کۆخاوی، سەر و سیما و رەنگێکی مردوو، جەستەیەکی داتەپاو و تێکشکاو، رۆحێکی بە تەواوی نابوود و وەرگەڕاو، ترسەنۆك و بێ‌هەڵوێست و...و دەتوانین بڵێین ئەو مرۆڤە هەموو فاکتەرەکانی مرۆڤبوونی لێ دەسڕدرێتەوە، مادە بێهۆشکەرەکان رۆژانە هەزاران لاوی کوڕ و کچ، ژن و پیاو و تەنانەت مێرمنداڵ لە قوڕاوی خۆیان دا غەرق دەکەن، ئەو مادانە رۆژانە ١٥٠٠میلیارد دۆلار لە جیهان دا دەکەنە ژارێکی کوشندە و خەڵاتی مەرگ لە ناو کۆمەڵگاکان دا بڵاو دەکەنەوە. بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و لە ناوچوونی قۆناغی دوو جەمسەری جیهان، کەشی ئەمنیەتی جیهان گۆڕاو تێرۆریزمی مادە بێهۆشکەرەکان وەکوو لایەنی ئیستراتژیکی تێرۆریزمی ئەو مەوادە جێگای بە جۆرەکانی دیکەی تێرۆریزم لێژ کرد، هەرچەند ئەو لایەنەی تێرۆریزم لە بەشێك لە ولاتان دا تاکوو ئێستاش هەستی پێ‌نەکراوە، بەڵام وەکوو قەیرانێکی جیهانگیر بە ریشەی کۆمەڵگاکان دا رۆچووە و وەك کێشەیەکی جیدی سەیری دەکرێ، هەر بۆیە لە ئاستی جیهانیدا رێکخراوی UNODC خەباتی نێونەتەوەیی دژی مادە بێهۆشکەرەکان پێکهات، رێکخراوی ناوبراو لەم بوارەدا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە و چەندین رێکخراوی دیکە لە جیهان دا بۆ خەبات دژی مادە بێهۆشکەرەکان پێکهاتون. بە گشتی ئەو مادانە لە سێ ولاتی ئەفغانستان، میانمار و لائوس بەرهەم دێن، واتە بە پێی ئەو راپۆرتانەی رێکخراوی UNODC بڵاوی کردوونەتەوە، ٩٠٪ی خەشخاشی جیهان لە سێ ولاتی ناوبراودا بەرهەم دێن و لەو سێ ولاتەش دا ئەفغانستان سەرەکیترین بەرهەمهێنەری ئەو مادانەیە. هەر بە پێی راپۆرتی رێکخراوی ناوبراو ٧٨٪ی تریاکی جیهان لە ئەفغانستان بەرهەم دێ. ئەو راپۆرتە ئاماژە بەوە دەکا کە پتر لە ٣ میلیارد لەو ولاتانەدا داهاتی ساڵانەی تریاکە، جێگای سەرسوڕمانە کە بە هەبوونی هێزی هاوپەیمانان و هێزەکانی بریتانیا وەك پارێزەری فەرمی، هێشتا پتر لە ١٣٠٠کیلۆمیتری چوارگۆشەی خاکی ئەفغانستان خەشخاشی تێدا دەچێندرێ و پتر لە ٣ میلیۆن وەرزێڕ لە گەڵ بنەماڵەکانیان دا خەریکی بەرهەمهێنانی ئەو مادانەن. واتە ئەوانە غەیر لە چاندنی خەشخاش بیر لە هیچی تر ناکەنەوە، سیاسەتوانانی جیهان بەو ئاکامە گەیشتوون کە تیرۆزیزمی مادە پێهۆشکەرەکان سەرەکی ترین فاکتەری مەترسی‌یە دژ بە ئاسایشی کۆمەڵگای جیهانی و بۆ بەرەنگار بوونەوەشی پێویست بە شەڕێکی جیهانی دژ بە مادە بێهۆشکەرەکانە، شەڕێك بە وێنەی شەڕی کۆخ کە ئەرتەشی ولایەتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی سەرۆك کۆماری رەیگان دا هێرشی راستەوخۆی هەوایی، دەریایی و زەمینی کرد بۆ سەر کۆڵەمبیا و بولیوی و پرۆ، ئەم هێرشە کە گەورەترین شەڕی دژ بە مادە بێهۆشکەرەکان لە

جیهاندا بوو لە ناوچەی کارائیب لە ولایەتی لۆس ئانجلس دابوو لە هێزی زرهی و ١٥٠ فڕۆکە و هێلی کۆپتەر کەڵك وەرگیرابوو، و دەکرێ بڵێین سەرەتای پێك هاتنی بیرۆکەی روو بەروو بوونەوەیەکی جیهانی لەگەڵ مادە بێهۆشکەرەکان هاتە ئاراوە، هەر بە پێ راپۆرتی (UNODC) لە ساڵی ٢٠٠٤ دا ڕێژەی بەکار هێنەرانی مادە بێهۆشکەرەکان لە جیهاندا ١٨٢ میلیۆن کەسن کە دەکاتە ٣ لە سەدی حەشیمەتی جیهان کە ١٧٤ لە سەدی تەمەنی نێوان ١٥ تا ٦٥ ساڵەکان پێکی دێنن. بە پێی بەراوردو توێژینەوەکان بەرهەمەکانی شادانە بە تایبەت ماریجوانا لە ڕێژەی گشتی ترین مادەی بە کارهاتووی جیهاندایە، مادە ورووژێنەرەکان وەکوو ئافتامینەکان، متا ئافتامینەکان و ئێکستاسی بە ٣٠ میلیۆن بە کارهێنەر لە پلەی دووهەم، مادە ئێفیونیی‌یەکان وەکوو هێرۆئین، تریاك، مەرفین بە ١٥ میلیۆن بە کارهێنەر لە پلەی سێهەم، کۆکائین بە ١٣ میلیۆن بە کارهێنەر لە پلەی چوارەمدان، بە هیمەتی کۆمەڵگای جیهانی ولاتانی لائۆس و میانمار بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دەبێ پێش بە بەرهەم هێنانی ئەو مادانە بە قەرەبوو کردنەوەی بە شێوازێکی دیکە لە ولاتەکانیاندا بگیردرێ، کەوابوو بەو ئاکامە دەگەین کە داهاتووی مادە بێهۆشکەرەکان لە جیهاندا ئێستا بەستراوەتەوە بە بەرهەم هێنان یان نەهێنانی ئەو مادانە لە ئەفغانستاندا، زانیارییەکان نیشان دەدەن لەم چەند ساڵەی داگیرکرانی ئەفغانستاندا بەرهەم هێنانی ئەو مادانە نە تەنیا کەمی نەکردووە بەڵکوو لە هەوڵێشدا بوون کە جێگای ئەو دوو ولاتەش پڕ بکاتەوە، هەر بۆیە بە بێ سەرژمێری ٨٪ لە سەد زیادی کردووە، هەر بە پێی زانیارییەکانی رێکخراوی (UNODC) هەر ساڵە لە جیهاندا ٤٨٠٠ تۆن تریاك بەرهەم دێت کە ٣٦٠٠ تۆنی لە ئەفغانستاندایەو بەو ڕەوتە کە لە پێشدایە چاوەڕوان دەکرێ کە بەرهەمی ئەو مادەیە لە ساڵانی داهاتوودا(٢٠٠٦ بەولاوە) خۆی لە ٥٠٠٠ تۆن لە جیهاندا بدات. بە پێی راپۆرت و هەواڵگەلێك کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی جیهانەوە دراوە ٩٠٪ی مەوادی ئێفیۆنی ئۆروپا لە ئەفغانستان بەرهەم دێ و ڕێگای ترانزیتیشی ناوچەی باڵکانە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێستاش هێزی پارێزەی ئاشتی ناتۆ لەو ناوچەیەدایە، ئەو ڕێگایە هێشتا وەکوو گشتی ترین ڕێگای ترانزیتی هێرۆئینە لە ئەفغانستانەوە بۆ ئوروپا، جێ ئاماژە پێ کردنە کە زۆربەی پارە ترانزیتییەکانی ئاسیای ناوەندی هێرۆئین پێکی دێنێ، لە هەمموو گرینگتر بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافیای و حاکم بوونی نیزامێکی فەندەمنتاڵی ئیسلامی ئێران سەرەکی ترین ڕێگای ترانزیتی مادە بێهۆشکەرەکان بەرەو ولاتانی دیکەیەو خۆشی وەك یەکێ لە پڕ بە کارهێنەرترین ولاتان حیساب دەکرێ، زۆرترین ڕێژەی مادەکانیش تریاك، هێرۆئینە و مورفینن، لە لایەکی دیکەوە باندو گروپە مافیاییەکان وەکوو کەرەستەیەکی پڕ داهاتی ئابووری و بازرگانی کەڵکی لێ وەر دەگرن بەلام لە هەمان کاتیشدا باند، گروپ، شەبەکە، حیزب و دەوڵەت و لایەنە تیرۆریستی‌یەکانی دیکەش هەم وەکو سەرچاوەیەکی ئابووری بەهێز، هەم وەکوو چەکێکی کوشەندە دژ بە کۆمەڵگاکان بەکاری دێنن، بۆ وێنە سوریا بۆ یارمەتی گروپە تیرۆریستی‌یەکان لە دەرەی بە قاعدا خەشخاشی دەچاند، لە ئەفغانستانی پێش ١١ی سیپتامبر بەهێز ترین سەرچاوەی دارایی تالیبان و ئەلقاعیدە بەرهەمهێنان و ترانزیت و قاچاخی ئەو مادانە بوو، سەردەمی کۆلۆنیالیزم، بەریتانیا لە چیندا بە شێوەیەکی بەرفراوان کەڵکی لێوەر دەگرت و زەبرێکی وەها کاریگەری لە بناغەی کۆمەڵگای چین دابوو کە ئێستاش کاریگەرییەکانی هەر ماون، کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو سەرەکی ترین بەرهەمهێنەری تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی و ئەندامی (محور شرارت) لە ئاستی نێو دەوڵەتی دا بە مافی بێ ئەملاو ئەو لای خۆی دەزانێ کە لە هەموو ئامرازەکانی تیرۆر بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی کەڵك وەرگرێ، باسمان لە سەر سەلماندنی تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامی نیە، چوونکی باسی ئەوە نیە، ئەوە باسێکی جیهان پەسەندە کە کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە ئاستی سەرکردایەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیدایە، بەلام گرنگ بۆ ئێمە، چۆنیەتی و چەندێتی کەڵك وەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لەو ئامرازەیە، دەزانین کەپێش سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی ئێران مادە بێهۆشکەرەکان بوونی هەبوو بەلام ڕێژەی بە کارهێنانی زۆر لە ئێستا کەمتر بوو. ئەوەش ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تەنانەت ئەو ڕێژە کەمەشی‌یان لە پارێزگاو شارە گەورەکاندا بوو یان لەو پارێزگاو شارە سنووری‌یانە دابوو کە مەوادی لێ وارید دەکرا، واتە شارو ناوچە گەلێك وەکو ناوچە کوردنشینەکان زۆر کەمتر لەوە بوو کە تەسەوور دەکرێ، بەلام لە ژێر چەتری دەسەلاتداریەتی کۆماری ئیسلامیدا وەکوو فەرزێکی سیاسی، وەکوو تەوەرێکی سیاسی بوو بە بەشێك لە سیاسەتی فەرمی ئەو رژێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، زۆر ناچینە ناو ئەم مەقوولە چوونکی مەقوولەی سیاسەتی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی مەسنەویەکی حەفتا مەن کاغەز هەڵدەگرێ. بۆ ئەوەی مەبەستەکامان جوانتر بپێکین، پێویستە بە زمانی ئامار، بەڵگە و دیکۆمێنت بدوێین. بە پێی سەرژمێرییەکانی وەزارەتی لەشساغی ئێران، ڕۆژانە پتر لە ٤٠٠٠ کیلۆ لە جۆرەکانی مەوادی بێهۆشکەر لە ئێراندا بە کار دەهێنرێت کە تەنیا ١٠٠٠ کیلۆی لە شاری تارانە، هەر ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ساڵانە تەنیا ١٢٠ تۆن لەو مادانە لە لایەن پۆلیسەوە دەگیردرێ. ڕێگای سەرەکی وارید بوونی ئەو مادانە بۆ ئێران، پارێزگاکانی سیستان و بەلوجستان، کرمان، خوراسان، هۆرمۆزگان و یەزدە،

دەستبەسەرکراو لە پەیوەندی لە گەڵ مادە بێهۆشکەرەکان لە ساڵدا پتر لە ٤٠٠ هەزار کەسن، کە ٢٥٨٥٠٠ کەسیان گیرۆدەن (موعتاد) و ١١٠ هەزار کەسیان قاچاخچین، گیرۆدەکان لە ئێراندا بە پێی ئاماری نێو حکومەت نزیک بە ٤ میلیۆن کەسن ئەوە لە حاڵێکدایە کە ناوەندی دەرمانی و باز پەروەری گیرۆدەکان تەنیا هەڵگری ١٠٠٠٠ کەسە، بەرپرسێکی گشتی ئاماژەی پێکرد کە لەو ٤ میلیۆن موعتادە ساڵانە پتر لە ٥٠٠ کەسیان گیانیان لە دەست دەدەن، هەروەها ئاماژە پێ دەکەن کە بە تەنیا لە شاری تاران ١٠٠٠٠ کەس موعتادی تەزریقی (گیرۆدە بە دەرزی لێدان) و کارتون خەو هەیە کە لە لێواری گەرەك و شەقامەکاندان، هەر بە پێی راپۆرتەکان ١٢ میلیۆن کەس لە ئێراندا بە شێوەیەك لە گەڵ ئەو مادانە تێکەڵن واتە بە شێوەی فرۆش، قاچاخ یان بە کار هێنان، یەك میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس لە گیرۆدەکان لاوانی ژێر ٢٠ ساڵ پێکی دێنن، رێژەی گیرۆدە تەزریقی‌یەکان بە نیسبەت ساڵانی پێشووەوە ٣٣٪ لە سەد زیادی کردووە رۆژانە ١٠ تا ١٢ کەس بە گیرۆدەیی دەمرن، هەر کاتژمێرێك ٤٤ ئێرانی لە پەیوەندی لە گەڵ مادە بێهۆشکەرەکاندا دەگیردرێن، لە چەند ساڵی رابردوودا ٢ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس گیرۆدە لە ئێراندا دەستبە سەر کران، ٣٠٪ مەخزەنی حەشیشی جیهان، ١٩٪ مەخزەنی تریاکی جیهان و ٥٪ مەخزەنی هیرۆئین جیهان لە ئێراندایە، قاچاخچی‌یەکانی مادە بێهۆشکەرەکان لە جیهاندا ساڵانە ٥٠٠ میلیارد دۆلار مەنفعەتی تایبەت بە دەست دێنن ئەوە لە حاڵێکدایە کە وڵاتێك وەکوو ئێران ساڵانە بە (صادرات) نەوتی و غەیری نەوتی‌یەوە ناگاتە ٢٠ میلیارد دۆلار، بە پێی راپۆرتی (UNODC) رێکخراوی جیهانی خەبات دژ بە مادە بێهۆشکەرەکان ١٨٥ میلیۆن کەس گیرۆدە لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە، بە پێی ئاماری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٣ میلیۆن گیرۆدە لە کۆمەڵی گیرۆدەکان بە مادە بێهۆشکەرەکان لە ئێراندا دەژین، بە تایبەتی



ساڵی ١٣٨٢ دیتنەوەو گرتنی هێرۆئین لە ئێراندا نزیك بە ٤ هەزار کیلۆ، ساڵانە پتر لە ٤٥٠٠ کەس لە رێگای گیرۆدەیی‌یەوە گیانیان لە دەست دەدەن، دوکتور شەهلا ئەحمەدی جێگری پێشگرتن لە خەسارەکانی (بهزیستی تهران) ئاماژە دەکات کە لە ٢٠ ساڵی رابردوودا، پەرە سەندنی گیرۆدەیی بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە سێ بەرامبەر زیادی کردووە، ناوبراو وتی: رێژە گیرۆدەکان ساڵی ١٣٧٧ لە ئێراندا ٢ میلیۆن کەس بووە، بەڵام ئەم رێژەیە لە ساڵی ١٣٨٠ دا خۆی لە ٣ میلیۆن و ٨٥٠ کەس داوەو لە ساڵانی ٨٤، ٨٥ دا لە ٤ میلیۆن کەس سەرتر رۆیشتووە. لێپرسراوی گشتی ناوەندی خەبات دژ بە مادە بێهۆشکەرەکانی هێزی ئینتزامی تاران رایگەیاند: لە رێژەی ئەو گیرۆدانەی لە ئێراندان لە ساڵی رابردوودا ٤٢٢٦ کەس بە هۆی بە کارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکانەوە گیانیان لە دەست داوە، هەروەها درێژەی پێدا کە لە ساڵی رابردوو واتە ١٣٨٣ دا ٤٨ هەزارو ٧٧٢ کەس لە پەیوەندی لە گەڵ مادە بێهۆشکەرەکاندا دەستبەسەر کراون کە ٣٠٢ کەسیان ژن بوون، ٣٠ کەس لە قاچاخچی دەستگیرکراوەکان پیاو و ٣٥ کەسیان ژن بوون، هەروا رایگەیاند کە لە سڕینەوەی ١٥٧ جیگا ئالودەی شاری تاراندا ٤٩٩٧٣ کەس دەستبەسەر کران کە لەم رێژەیە ٢٦٠٥٦ کەس گیرۆدە ١٧ هەزار و ٧٩١ کەس وردە فرۆش بوون و لە ٩ مانگی رابردوودا، هەروەها لە ٢٠ ساڵی رابردوودا، نزیك بە ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس پەیوەندی لە گەڵ قاچاخ و بە کارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکاندا گیراون، لە راپۆرتێکی دیکە دا بە پێی راگەیێندراوی بەندیخانەکان، زۆرترین رێژەی زیندانی‌یەکانی وڵات گیرۆدە (موعتاد)ەکان پێکی دێنن، هەر بە پێێ ئەو راپۆرتە لە هەر ٧٠٠ کەس حەشیمەتی وڵات یەك کەس پەیوەندی لە گەڵ مادە بێهۆشکەرەکاندا لە بەندیخانە دایە. بەراورد کراوە کە بە پێی چوونە سەری رادەی گیرۆدەیی و مەوادفرۆشی، تاوان و جینایەت و سزادان پەرە دەستێنێ و لە هەموو پڕ مەترسی تر

نەخۆشیگەلێ وەکوو ئیدز بە خێرایی لە نێو لاواندا پەرە دەستێنێ. بە پێی سەرژمێری نوێی ٣/٢٥ لە سەد حەشیمەتی ئێران بە یەکێ لە جۆرەکانی مادە بێهۆشکەرەکانەوە گیرۆدەن، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندوە کە ٥٠ لە سەدی گیرۆدەکانی (موعتادانی) ئێران لە تەمەنی ١٤ تا ٢٥ ساڵیدا دەستیان بە کێشانی ئەو مادە کردووە، ڕاپۆرتی ناوبراو و هەروا ئاماژە پێدەکات، کە لە ١٥ ساڵی ڕابردوو دا نێوەنجی تەمەنی گیرۆدەیی ٣٦ ساڵ بووە کە ئەم ڕەقەمە ئێستا تا ٣٠ ــ ٣١ ساڵ هاتۆتە خوارێ. بە پێی ئاکامەکانی توێژینەوەیەك، لاوان و مێرمنداڵانی ئێرانی لە ١٦ ساڵیدا لە مەترسی گیرۆدە بوون بە مادە بێهۆشکەرەکاندان، و ڕاپۆرتەکانیش باس لە بوونی ٦٠٠ هەزار گیرۆدە لە خوێندنگاکانی ئێراندا دەکەن، هەر لەو پەیوەندییەدا وەزیری پەروەردەو فێرکردنیش بەشێوەی فەرمی ڕایگەیاند کە ٣٥٠ هەزار قوتابی و خوێندکار واتە ٢٢٪ لە سەدی قوتابی و خوێندکاران لە مەترسی تووشی بوون بە مادە بێهۆشکەرەکانەوەن. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی خەبات دژ بە مادە بێهۆشکەرەکان لە ئێراندا، تەمەنی دەستپێکی گیرۆدەیی لە نێوان لاواندا ١٦ تا ٢٠ ساڵ، تەمەنی جێگای مەترسی نێوان ١٨ تا ٣٤ ساڵ، نێونجی تەمەنی گیرۆدەکان لە بەندیخانە ٢٩ ساڵ، لە ناوەندەکانی خۆ ناساندن و باز پەروەردیدا ٢٧ ساڵیە، هەروەها توێژینەوەکان باسی لەوە دەکەن کە گرووپی تەمەنی ١٥ تا ٢٧ ساڵ زۆرترین گیرۆدەکانی وڵات پێك دێنن. شایانی باسە کە ئەم مادە ئیفیۆنیە تەنانەت ژنان و کچانیش بێبەری نەکردووە، بە داخەوە لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا گیرۆدەیی مادە بێهۆشکەرەکان لە نێوان ژنان و کچاندا بە خێرایی پەرەی سەندووە، دەکرێ بێژین ئێران لە سەرووی ئەو وڵاتانەوەیە کە ژنان و کچان کۆمەڵگاکەشی بەو مادانەوە گلاون، بە پێی ڕاپۆرتی خودی ڕێکخراوی خەبات دژ بە مادە بێهۆشکەرەکانی ئێران ١٤٠ هەزار گیرۆدەی ژن لە وڵاتدایە. گەرچی ئا ئێستاش بەم ئامارو ئەرقامەوە، ڕستەیەکمان لە مەسنەوی حەفتامەن باس نەکردووە بەڵام بە پێویس دەزانین ئاوڕێکیش لە وەزعی کوردستان بدەینەوە.

## مادە بێهۆشکەرەکان بە مانای واقعی تیرۆر لە کوردستاندا

گەرچی ئەم باسە بەراستی توێژینەوەو خەسار ناسییەکی پسپۆرانەو لێکۆڵەرانەی پێوستە، بەڵام گەرچی بە کەموکۆڕیش بێ بە پێویستم زانی بیخەمە بەر باس، هەموومان لە ڕەوتی سیاسی دژی ئینسانی بە گشتی و دژە کوردی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت ئاگادارین، کەوابوو دەبێ بزانین کە ئەو ڕێژیمە و باقی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا سیاسی ئیستراتژیکی دژە کوردی خۆیان گۆڕیوەو کۆماری ئیسلامیش زۆر زیرەکانە هەوڵی داوە پرۆسەی ئەنفال، کیمیا باران گۆڕە بە کۆمەڵەکان و بە گشتی سیاسی تواندنەوەی ڕەگەزی دژ بە کورد کاملەن لە جلوبەرگێکی مۆدێرن، ئەمڕۆیی و بە گشتی بێدەنگ و دوور لە چاوی کامێراکانی ڕاگەیاندن، دوور لە میکرۆفۆنی ژۆرنالیستان و دوور لە چاوی نابینای دەزگاکانی مافی مرۆڤ بەڕێوە بەرێت. جێگای داخە کە تەنانەت نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لە سەرووی هەموویانەوە (UNODC) نوێنەرایەتی ڕێکخراوی خەبات دژ بە مادە بێهۆشکەرەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیانتوانیوە سەربەخۆ ئامارەو زانیاری بە دەست بێنن و لە ئێران دەکەونە ژێر ڕکێفی ڕێکخراوی خەبات دژ بە مادە بێهۆشکەرەکانی ئێران، هەر بۆیە ئامارو زانیاری پێویست لە سەر وەزعی مادە بێهۆشکەرەکان لە دەستدا نیە.

فەرماندەی هێزی ئینتیزامی پارێزگای کوردستان باس لە پەرەسەندنی بێ سنووری کەشفی جۆرەکانی مەوادی بێهۆشکەر لە کوردستاندا بە نیسبەت ساڵی پێشوەوە دەکا. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هەڵکەوتی کوردستان بە جۆرێکە کە باشترین ڕێگای ترانزیتی مادە بێهۆشکەرەکان بەرەو وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت ئوروپاشە، هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، وڵاتی ئێران ڕێگای ترانزیتی ٩٠ لە سەدی مەوادی بەرهەم هاتوو لە ئەفغانستان بەرەو ئوروپاو باقی وڵاتانی جیهانە. هاووڵاتییەکی شاری سنە بۆ ترییبۆنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاوا دویی: هەبوونی گیرۆدەگان بە مەوادی بێهۆشکەر لە جێگا جۆراوجۆرەکانی شاردا، بە تایبەت گیرۆدە(تزریقی)و تابلوەکانو هەروەها دەسفرۆشەکانی ئەو مادانە هەستی خەڵکی شاری سنەی بریندار کردوەو هەر ئەو وەزعە زۆر بەجیدی نەگەرانی کردون. **هاووڵاتییەکی دیکە** باوەڕی وایە، کە دژکردەوەی ڕێگرو جێدی لە بەرامبەر گیرۆدەکانو عەوامڵی پەخشو بڵاو کردنەوەی مەوادا ئەنجام نادرێ، ئەوەش دەکرێ زۆرتر هانیان بدات کە دەست لەو کارە پڕداهاتەیان نەکێشن، واتا ئەوانەی دەگیردرێن پاش سزادانێکی زاهیری ئازاد دەکرێنو ئەو سزا مادیەش بۆیان دیاری دەکرێ بەشێوەی قیستییە،"ڕەحیمی خۆرشیدوەند" فەرماندەی هێزی ئینتیزامی کوردستان لە وتوێژێك دا، قەیرانی مادە بێهۆشکەرەکانی کوردستانی گەڕاندەوە بۆ دووباری ترانزیتی مۆرفین کە بە مەبەستی بردنی بۆ تورکیە بارگیری کرا بوو، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو دوبارە تەنیا خەڵك لێ ئاگادار بوو، ناوبراو خۆی بە ئاناگا لەو دەیان کیلۆ مەوادە کە ڕۆژانە هەر لە سنە بەکار دەهێنرێت لە قەڵەم دەدات. ناوبراو ڕایگەیاند کە هەریەکێ لە بارەکان ١٥٠ کیلۆ مۆرفینو ٣ کیلۆ هێرۆئین تایبەت کە بە زێڕی ناب بە ناوبانگە بوو، ناوبراو سەرەڕای ئەو هەموو ناڕونیانە ئاماژەی پێکرد کەلە ساڵی ٨٤ دا کەشفی هێرۆئین ٨٦٪و تریاك ١٣٪ زیادی کردوە، هەروەها

له درێژەی قسەکانیدا ناوبراو وتی: له ساڵی ١٣٨٤ دا ٨٥٠ قاچاخچیو پەخشو بڵاوکەرەوەی مەوادی بێهۆشکەرو ٣ هەزارو ١٤١ گیرۆدەی ئەو مەوادە له کوردستاندا دەستبەسەر کراون، هەر بەپێ ڕاپۆرتەکانی ساڵی ١٣٨٤، کەشفی جۆرەکانی مەوادی بێهۆشکەر له پارێزگای کوردستاندا ٥٤٪ لەسەد زیادی کردوە، بەپێ ڕاپۆرتەکانی حکومەت هەر له ساڵی ١٣٨٣ دا پتر له ٤٠٠ کیلۆ له جۆرەکانی مەوادی بێهۆشکەر له کوردستاندا گیراون، ئەو وێنەیەکە له ناوچە کورد نشینەکان هەرکام له پارێزگاو شارە کوردنشینەکانی دیکەش بەم قەیرانە ئاڵۆزو ماڵوێرانکەرەی پارێزگای کوردستان گیرۆدەن، هەواڵدەری حکومەتی"ئیسنا" ڕایگەیاند که ٥٩ ناوچەی ئالودە بە مادە بێهۆشکەرەکان له کوردستاندا هەیەو بەکارهێنانی مەوادی بێهۆشکەر بە نیسبەتی حەشیمەتەوە دەستەکەمێکی له شاری تاران نیە، ڕێژەی گیرۆدەکان (موعتادان) بە مەوادی بێهۆشکەرەوە له ئاستێکی چاوەروان نەکراودا پەرەی ئەستاندوە، خەڵکی کرماشان تاکوو ئێستا چەندین جار نارەزایەتیان له سیاسەتی ڕێژیم بە نیسبەت مادە بێهۆشکەرەکانەوە دەربڕیوە.

پارێزگای ئیلامیش هەروەها دەمێکە بۆتە مەکۆی کڕینو فرۆشو بەکارهێنانو تەنانەت بەرهەم هێنانی مەوادی بێهۆشکەر وەزعی ئەو پارێزگایەش له بواری ڕێژەی بەکارهێنانیانو گیرۆدە بوون بەو مادانەوە سەرسوڕهێنەرو تۆقێنەرەو دیسان لەوێشدا کاریگەری سیاسەتە دژە کوردانەکانی ڕێژیم بە زەقی هەست پێدەکرێن. پارێزگای ورمێش که هەروەها پێشتر ئاماژەمان پێکرد له لایەکەوە بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیایەوە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی سیاسەتی دژی کورد\ی دوجار کەوتۆتە بەر هێرشو له دولایەنەوە گەمارۆ دراوە، ١ـ سروشتییە که بە هۆی کوردنشینو تورك نشین بوونیەوە دەکەوێتە بەر هێرشی سیاسەتی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامیو بۆ خنکاندنو سەرکوتکردنی بیری ئازادیخوازی دوگەلی کوردو تورك، چەکی فەرمی تیرۆریزمی دەوڵەتی واتە تیرۆری مادە بێهۆشکەرەکانی بەکار هێناوە. ـ بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافیایەوەو بەهۆی بردنی سنووری بازەرگانیەوە، گەورەترین ڕێگای ترانزیتی مادە بێهۆشکەرەکان له ناوچەدایە. درێژەی هەیە...

**سەرچاوەکان له بەشی کۆتایی دا دێن**

# کۆمەڵگای مەدەنی یا شارستانیەت

**کەریم محەممەدی**

باس له کۆمەڵگای مەدەنی، تایبەتمەندی و بەستێنەکانی پێکهاتنی لەو رهەندەوە گرینگیەکی تایبەتی هەیە که له وڵاتانی رۆژهەڵات بە تایبەت رۆژهەڵاتی نێوەراستدا بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتی دیکتاتۆر زاڵ بووە دەسەڵاتێك که دایمە خۆی بەسەر خەڵك دا سەپاندووە و دەرفەتی ئەوەی نەداوە که له لایەن خەڵکەوە چاوەدێری بکرێ و ئەگەر زەمینەی واش له ئارادا بووبێ و هەلێك رەخسابێ، بێگومان دەسەڵات له بەینی بردوە، بێگومان هەمووومان باش دەزانین که هاتنە کایەی کۆمەڵگای مەدەنی له ژێر چەتری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆردا ئیمکانی نیە. دەسەڵاتێك که یاسای له بەرژەوەندی خۆیدا پێك هێنابێ و هەر جووڵانەوەیەك له لایەن خەڵکەوە بە بەهانەی یاسایی تێك شکێنێ ، ئابووری بخاتە ژێر چنگیەوە و راگەیەنە گشتیەکان دەستیان بە سەردا بگرێ و بیانخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە، بۆیە ئێمە تا ئێستا ئەزموونی کۆمەڵگای مەدەنیمان نیە یا زۆر بەکەمی هەمانە. ئەوی لەو وتارەدا خستوومەتە بەر باس، باسێکی کورتە له کۆمەڵگای مەدەنی و هەندێك له تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە .

بێگومان کۆمەڵگای شارستانیانە دەگەرێتەوە بۆ پێویستی تاکەکانی کۆمەڵ بە سیستمێکی کراوە و دێموکرات بۆ پشتگیری له مافەکانیان، که وابوو کۆمەڵگای مەدەنی (شارستانیانە) یەکێك له مەرجەکانی دابینکردنی دێموکراسیە که لەوێدا